# با سوكايەتی پێكردنی كورد
# لەلایەن ئەندام پەرلەمانێكەوە مەحكوم بكەین

بۆ /
*/ رای گشتی خەڵكی كوردستان
*/ ناوەندو دەزگا كوردییەكان
*/ رۆشنبیران و كەسایەتییە دڵسۆزەكانی كورد
*/ پەرلەمانی كوردستان
*/ حكومەتی هەرێم
*/ پارت و لایەنە سیاسییەكانی كوردستان
*/دەزگاكانی راگەیاندن وماڵپەرە كوردییەكان

**وەك ئاگادارن ماوەیەكە مەسەلەی شعر خوێندنەوەكەی ئەسعەد ئەربیللی ئەندامی پەرلەمانی كوردستان لەحزوری ئیحسان دۆغرمەچیدا هاتە ناو ناوان و دواتر بێدەنگی لێكراو پەرلەمانی كوردستان و كوتلەی توركمان لە پەرلەمانداو ئۆجاغی برایەتی توركمان هیچ هەڵوێستێكیان نەبوو ، هاوكات دەزگاكانی راگەیاندنیش لەو مەسەلەیە خەمسارد بوون .**

**ئەوەی دەیخوێننەوە دەقی شعرەكەی ئەسعەدی پەرلەمانتارە لەگەڵ هەندێك وێنەی یادەكەو 2 دانە لە وتارەكانی ئەسعەد كە پێشتر بلاَوی كردونەتەوە .**

**لێرەدا دەمانەوێت كۆدەنگی و هەڵوێست وەرگرتنێك هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە گوشار لەسەر كەمتەرخەمی پەرلەمان و ئیدانەكردنی ئەسعەدو ئەوانەی وەك ئەو بیر دەكەنەوە بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە دووبارە نەبێتەوە**

**سەیر لەوەدایە ماوەیەكی زۆرە دوای ئەو مەسەلەیە تا ئێستا پەرلەمان نە لێدوانی داوەو نەلێپرسینەوە لەگەڵ ئەسعەدی پەرلەمانتاردا كراوە.**

**لەم سوكایەتی پێكردنەی ئەسعەدا ئەم زاتانە ئامادەبوون :**

1/ ئەحمەد كانی جێگری بەرپرسی لقی2 پدك
2/ بەهرۆز گەلاڵی نوێنەری ینك لە ئەنقەرە
3/ ئازاد مەلا فندی وەزیری هەرێم بۆ كاروباری داد
4/ شوان محەمەد كارگێری لقی 2 پدك
5/ دكتۆر سیروان بریكاری وەزیری تەندروستی
كۆمەڵێك كاربەدەستی تری حزبی و حكومی كە لەویٚ ئامادە بوون ،كەسیان بچوكترین هەڵوێستیان نەبوو
بۆ ئیدانەكردنی ئەو هەڵوێستەو گوشارخستنە سەر پەرلەمان بۆ لێپێچینەوە لەو مەسەلەیە و لێپرسینەوە لە وەزیرو گزیرو بەرپرسەكان ، داواكارین بە كۆكردنەوەی ئیمزاو نوسین لەسەر ئەم مەسەلەیە دەنگ هەڵبڕن بۆ ئەوەی بازرگان و هەلپەرستانی سیاسی قاچاخچیەتی بە ئایندەی ئەم گەلەوە نەكەن ولایەنی پەیوەندیدار لەكاتی پێویستا لە سەرپێچیكاران بێنەدەنگ

**تكایە ئێوەش هەڵوێست وەرگرن و ئەم سوكایەتی پێكردنە قبولٚ مەكەن**

**با ماڵپەرە كوردییەكان لەم مەسەلەیەدا بەئەركی خۆیان هەستن**

یارسانی ئاتەشی
yarsaneatashe@hotmail.com

# له وڵاتی دۆغرەمەچییەوە هاوارێك بۆ دۆغرەمەچی بەگ:

له هەموو دەرگایەکماندا ویستمان دەرد و خەفەتی خۆمانیان تێبگەین بەڵام کەس دەرگای لێنەکردینەوە و کەس گوێی لێنەگرتین بۆیە تۆ دوا چارەمانی ئەم شعرەت بۆ دەڵێین وەڵامەکەی لای ئێوەیە.



**ناوت ئیحسانە باوکت عەلی**
**نازناویشت دۆغرەمەچی**
**تۆ پیرێکی یا خود وەلی**
**رزگارمان کە دۆغرەمەچی**

**تا ئێرە ئاساییە بۆ دەربارێکی وەك ئەسعەد کە خۆی وا بڵێت بەڵام کە ئێستە بە ناخێری گیانی ئەندامی پەرلەمانە حەیاتەکەی کوردستانە بۆی نییە ئاوا بەوجۆرە خۆی سوك بکات ، ئاخر بۆ هەیبەتی پەرلەمانەکەمان ناشێت!!!**

**تاریکیت خنکاند**
**کاتێک لە قەڵا لە دایک بووی**
**بەڵام جێت هێشتین ورۆیشتی**
**رزگارمان کە دۆغرەمەچی**

**قوتابخانەکانت دامەزراند**
**هیوا مردووەکەت دامەزراند**
**گیروگرفتەکانت چارەسەرکرد**
**رزگارمان کە دۆغرەمەچی**

**لەهەولێرەوەسڵاومان بۆ هێناوی**
**دڵمان پڕە لە دەردوخەفەت**
**کە نانوسرێت بە ملیۆنێک قەڵەم**
**رزگارمان کە دۆغرەمەچی**

**له دەرەوە دەنگ هەڵدەبڕین**
**گەرچی رزگارمان بوو له چەندین تەڵە**
**ژیان ناگوزەرێ لەگەڵ منداڵ وتاڵان**
**رزگارمان كه دۆغرەمەچی**

**ئەسعەد لەو نیوەدێڕەدا سەركردایەتی سیاسی كوردستان و حكومەت و پەرلەمانەكەی بەقەولی هەولێریان به ( منداڵ و تواڵ ) دەچوێنێت و ژیان لەگەڵیاندا به زەحمەت دەزانێت**

**وەره سەیر بكه له چ حاڵێكین**
**پەلێكی شكاوی درەختی توركین**
**بەختەوەرنین بەوژیانەی كه تێیداین**
**رزگارمان كه دۆغرەمەچی**

**ئەسعەد خۆی و توركمانەكان به لقێكی درەختی توركیا دەزانێت و نایشارێتەوە كه ئەو ژیانەی ئەوی تێدایه پێی رازی نییه چونكه ئەسعەد :**

**ئەلف/**

1- **موچەكەی له پەرلەمان نزیكەی 4.250 چوار ملیۆن و دوسەدوو پە نجا هەزار دیناری چاپی تازەیه .**
2- **له وەزارەتی پەروەردە مامۆستایه و موچەكەی زیاتر له 500 هەزار دیناری چاپی تازەیه .**
3- **جێگری ئۆجاغی توركمانه كه ( ویداد ئەرسەلان ) ی كۆنه سەرۆكی بەرەی توركمانی و وەزیری پیشەسازی ئێستای حكومەتی كوردستان ، لای ئەوانیش چەلاوێكی هەیه .**

**ب /**

**مادام ئەسعەد خۆی به لقێكی شكاوی درەختی تورك دەچوێنێت ، بادڵنیا بێت لەم خاكەدا لقی نەك شكاو بگره نەمامی تورك شین نابێت بۆیه باشتر وایه ئەووەی بەو ئاراسته بیردەكاتەوە بچێتەوە بۆ كن داری تورك و ئەبوایه پارلەمان لەسەر ئەم قسەیه هەڵوێستی هەبوایه .**

ئاخر هەق وایە لە سەرۆکایەتی پارلەمان بپێچینەوەو بپرسین بەراست دەبێت لقی شکاوی درەختی تورك لێرە نوێنەری گەل بێت؟

شارەکەت ئە هێنیێ لە دەست بێگانە
ئاوت وێردی سەر زمانە
مەمانهێڵە لەم رێگە تەسک و تاریکانە
رزگارمانکە دۆغرەمەچی

لەم دێڕەی سەرەوەدا ئەربیللی داوا لە دۆغرەمەچی دەکات کە هەولێری شاری تورکمانان لە کوردە بێگانەکان ئازاد بکات



ئاومان سازگارە بەڵام ناخورێ
چاک هێندە کەمە بەدی ناکرێ
ناتوانین وەک مرۆڤ بژین
رزگارمان کە دۆغرەمەچی

ئە مجارە ئەربیلی لەو دووچوارینەیەی دوای یەکدا باس لەوەدەکات کە ناتوانن لەگەڵ کوردا وەك مرۆڤ بژین چونکە لێرە ژیان زەحمەتە!!




بێکەسن ئانی ئێوارەیان نییە
ناڵە و فیغانیانە بەشەو
ژیان زۆر زەحمەتە لێرە
رزگارمان کە دۆغرەمەچی

هاوشارەکەت چاوی تێرە
بەختەوەری بۆ دوژمن تیرە
دەڵێن تورکمان بێ ساحێبن
رزگارمان کە دۆغرەمەچی

ئازادی مەلافندی دۆغەرمەچی ماچ دەکات

# هاوپەیمانییەتی کوردستان و هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق

وەک بڕیارە لە ٢٠٠٥/١٢/١٥ هەڵبژاردن لەسەرتاسەری عێراقدا ئەنجام بدرێت، لیستی هاوپەیمانی کوردستانی کە بە دووەم سەنگینترین لیستی عێراق هاتە هەڵبژاردن، لەسەروبەندی هەڵبژاردنی تازەدا ئاخۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان چۆن و بە چ شێوەیەک بەشداری لەو هەڵبژاردنانەدا دەکات، بەشداربووانی لیستەکە کێ دەبن؟
جیاوازی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەگەڵ لیستەکانی تردا لەوەدایە کە ناکۆکی نەک لە نێواندا نییە بگرە تۆکمەترین و بەدیسپلینترین لیستی نێو کۆمەڵی نیشتیمانی عێراق دێتە ژماردن.
ئایا تورکمان و مەسیحییەکان چۆن لەو لیستە دەڕوانن؟
لەلایەکی دیکەوە کشانەوەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆچی دەگەڕێتەوە، ناکۆکییە لە جەوهەری لیستەکەیان ڕازی نەبوونە بەو پشکەی بەری دەکەوێت؟ بۆ زیاتر ئاگاداربوون لەم وردەکارییانە ئەم ڕاپۆرتە بیروبۆچوونی زۆرێک لەلایەنە بەشدارەکانی نێو ئەو لیستە لە خۆ دەگرێت.



**لەم بارەیەوە ئەسعەد ئەربیل جێگری سەرۆکی تورکمن قارداشلۆ ئۆجاغی و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان گوتی"**

زۆربەی زۆری کاتەکان بیر لەوە دەکەمەوە کەوا چۆن ئێمەی تورکمانی نیشتیمان پەروەرەکان خۆمان لە عەقڵییەتی شۆڤێنی و دەرەکییەکان ڕزگار کرد، هەر لەبەر ئەم هۆیەش چەندەها «فرسەتی» زێڕین و بەنرخمان لەدەست چواندووە چونکە بیرو بۆچوونی شۆڤێنییەکان وەیان عەقڵییەتی بێگانەکان زاڵ بو بوون لەسەرپیاوەکانی بڕیاردەری ئیش و کاری تورکمانەکان بۆیە هیچ بیروڕایەکی سەربەخۆ لەناو تورکمانەکان لەدەستخۆیان نەبوو بەڵکو عەقڵییەتی ئاغایی و گەندەڵی و پارە چاویانی کوێر کردبوو، هەر کەس بۆ خواست و ویستی خۆی کاری دەکرد و میللەتانییان لە بیر کردبوو بەڵام پاش ماوەیەکی کەم ئاگاداربووین و وە هەستی نەتەوایەتی زاڵ بووە بەسەر «مسلحەتی شخسی» وە زۆربەی هەرە زۆری حزب و بزووتنەوە سیاسییەکان و لایەنە کەلتوورییەکانی تورکمان، پاش ئاگاداربوونیان لە هەڵبژاردنی ڕێگای چەوت بڕیاری ڕاستییان وەرگرت ئەویش دانانی دەست لەناو دەستی حزبە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەتی لەگەڵ برا کوردەکان بۆ بەدیهێنانی ئاواتی خەڵکی بە شەرەفی کورد و تورکمان و کلد و ئاشوورییەکان لە کوردستانی عێراقدا ئێمەی تورکمان زۆر ڕۆژی ڕەشمان دی و زۆریش تینووی ئاشتی و دیموکراسییەت بووین...هەر لەبەر ئەم هۆیەش ئێمەی تورکمان بڕیاری وێرامان داو کەوا داهاتووی خۆمان و دوا ڕۆژی خۆمان لەگەڵ برا کوردەکان یەک بخەین چونکە «مسیرمان» یەکە و بێ یەکتر ژیانی ئاسوودە نابەینە سەر... ئێمە لەگەڵ برا کوردەکان یەکتری تەواو دەکەین... ئەم وڵاتە هی هەموومانە دەبێ وەکو بیلبیلەی چاومان بیپارێزین ... وەفاداری خۆمان پیشان بدەین بەرامبەر ئەو پەیوەندییە پیرۆزەی کە باوک و باپیرمان دایانمەزراندووە.... بۆیە ئێمەی تورکمانەکان بڕیارماندا کە هەرێمی کوردستان وڵاتی خۆمانە و چەسپاندنی برایەتی نێوان هەردوو میللەت و هەروەها بە بەکارهێنانی ئیرادەی خۆمان لە کاروپەیوەندییەکانمان بەمە توانیمان کە هەرچی تەنگ و چەڵەمە هەبوو هەر هەمووی چارەسەر بکەین... پاشان هەموومان «کورد، تورکمان،کلد و ئاشور» پێکەوە بەشداری لیستی هاوپەیمانی کوردستان بین لە هەڵبژاردنەکانی ٣١ کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کوردستان بۆ ئەنجوومەنی نیشتیمانی عێراقی و کوردستان و هەروەها بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارێزگای هەولێر و سولەیمانی و دهۆک وە بەسەرکەوتنێکی باش ئەنجامەکانمان بەدەست هێنا ئەمەش بەهۆی یەکریزی و هاوپەیمانییەتی هاتە کایەوە وە بە ئاسانی ئەنجام نەدرا بەڵکو بە هاوکاری هەموو لایەنە سیاسی و کەلتوورییەکانی پێکهاتەی گشت کوردستان ئەنجام درا.

بۆیە پێم وایە دووبارە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامێکی باش و دەستکەوتێکی گرنگ لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥/١٢/١٥ دا بە یەک لیست و بە یەک دەنگ بەشداربین هەرچەندە ئەم جارە هەڵبژاردنەکان بە گوێرەی ژمارەی دیاریکراوی پارێزگاکان دانراوە، دەبێت یەک ڕیزی و یەکگرتنمان لە هەموو کاتێکی تر زیاتربێت بۆ بەدیهێنانی ئاست و خوازی کوردستانییەکان لەسەربەستی و سەربەخۆیدا هەروەکو سەرۆکی کوردستان هێژا کاک مسعود بارزانی وتووە: «دەبێ لە ئێستاوە خۆمان بۆ هەڵبژاردنی دادێ ئامادە بکەین کە حکوومەتێک بێتە کایەوە دەستووری هەمیشەیی جێبەجێ بکات»

ئێمە لە کوردستانی عێراقدا نزیکەی «١٣» ساڵە بە کورد و تورکمان و کلد و ئاشورەوە لە کەش و هەوایەکی دیموکراسی دەژین، بۆیە هەموومان پێکەوە ببین لە گشت هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن دەهێنین و خواستی خەڵکی کوردستانیش جێبەجێ دەکەین، بەڵام خوا نەکات ئەگەر پارچە پارچە بەشداری هەر جۆرە هەڵبژاردنێک بین ئەوا کوردستانییەکان هەموومان زەرەرمەنددەبین و دوژمنەکانمان سوود لە پارچە بوونمان وەردەگرن، چونکە بۆ مێژوو دەڵێم ئێمە دوژمن و ناحەزمان زۆرە هیچ نایانەوێ ئێمە لە کوردستاندا یەک ڕیزبین و تەبا بژین هەموو کاتێک پلانی گڵاوی لە نێوانمان دەگێڕنەوە بۆ دروستکردنی «مشکلە»ی سیاسی و ناتەبایی و ئابووری و هانی بیروڕای جیاوازە خراپەکان دەدەن بۆ «زەعیف» کردنی پەیوەندییەکانمان تاکو بتوانن ژەهرەکانیان بە ئاسانی لەناو عەقڵ و مێشکی هاووڵاتییانی کوردستان بەبێ «انساف» کردن بڕژێنینەوە...بۆ ئەوەی تەجروبەی دیموکراسیەکەمان لە کوردستاندا ئیفلیج بکەن ...بەڵام ناحەزان دەبێ هەر بەم داخە بمرن ڕێگایان پێ نادەین بۆ مەبەستە ڕەشەکانییان...بۆیە بەڕای من چوونە ناو هەر هەڵبژاردنی گەورە لە گشت عێراقدا دەبێت بە ئاگاداری و هێمنی و شارەزاییەکی باش و بە «دراسەیەکی» علمی تەماشای ئەنجامی هەر شتێک بزانین ئینجا بڕیاری بەشداری گشتی وەیان بەشداری تاکی بدەین... وە بۆ بەشداری هەڵبژاردنی ٢٠٠٥/١٢/١٥ بەڕای من گشت کوردستانییەکان لە کورد و تورکمان و کلد و ئاشور هەموومان پێکەوە بین باشترە و ڕێزیشمان مەزن دەبێت بەرامبەر لیستەکانی تر....بەڵام زۆر بەداخەوە گوێمان لێبوو کەوا برادەرەکانی بزووتنەوەی یەکگرتووی ئیسلامی لە کوردستاندا بە لیستێکی جیاواز دەچنە ناو هەڵبژاردنەکە... من ڕێزم هەیە بۆ ئەم بڕیارەیان بەڵام نەدەبوایە لەم کاتە ناسکە و حەساسە بڕیاری جیاوازیان وەرگرتبا...کە بڕیاریش وەرگیراوە ئەوە دەگەیەنێت کەوا لە کوردستانی عێراقدا دیموکراسییەت ١٠٠٪ تطبیق کراوە ئەمەش شانازییە بۆ هەموو کوردستانییەکان.

بەڕای من گشتمان لە یەک لیست ببین نوێنەرایەتی گەلی کوردستان لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی عێراقدا زیاد دەبێت، بەڵام پارچە پارچە بەشداربوونمان ژمارەمان کەم دەکات و زۆرینەی دەنگەکانیشمان بە گوێرەی سیستەمی نوێ لەپارێزگاکاندا ون دەکەین.

ئێمەی تورکمانەکان گفتمان داوە و ئیمانیشمان بە دیموکراسییەت بێ پایانە هەرپێکەوە دەمێنین لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان وە قسەمان یەک قسەیە، لەناو یەک سەنگەر خەبات دەکەین بۆ ئەوەی دوا ڕۆژ و ئاییندەی گەشمان هەبێت لە کوردستانی سەربەخۆ و ئازاد بە پشتیوانی هەموو نەتەوەکانی کوردستانمانەوە.■



**وتارێکی ئەربیلی لە گوڵان**

ئازادیمان زەحمەت دەستکەوت
چاوساغی ڕووە ماتەکانین
وادەزانن ئێمە مردووین
رزگارمان کە دۆغرەمەچی



ئازاد مەلافندی و دۆغرمەچی

تا مردن هەوڵ دەدەین
تا میللەتـەکەم پێکەنێت
تا دوژمن لە ناو دەبەین
رزگارمان کە دۆغرەمەچی

ئەمرۆ تۆ ویژدانی ئێمەی
تۆ ڕاستی ، ڕابردووت زێڕینە
زامنی دوێنێ و ئەمرۆمانی
رزگارمان کە دۆغرەمەچی



شوان محەمەد کارگێڕی لقی 2

زۆرمان بەوان وت بوەستن
گرفتەکان وا چارە ناکرێن
گوتیان ئەوە ئێمەین بمانبینن
رزگارمان کە دۆغرەمەچی

زمان ناوەستێ تاوەکو ساغم
بۆ دۆستم پردم بۆدوژمن شاخم
هەر ئەتۆی پاشام هەر ئەتۆی ئاغام
رزگارمان کە دۆغرەمەچی

نەوەی ئۆغزم یەکە قسەم
کوێریش بێ دووچاوانم
من هەر قوربانی تۆ دەبم
رزگارمان کە دۆغرەمەچی

قەڵای بەرز هێشتا ماوە
لاڵەو نێرگز لێی ڕواوە
دەردو بەڵا دەوری داوە
رزگارمان کە دۆغرەمەچی
دیارە قەڵا بەرزەکە قەڵای هەولێرە کەتا ئێستاش ماوە بەڵام ئەوەی دەوری ئەو قەڵایەی گرتوە دەردو بەڵایە
پرسیار لێرەدایە ئایا ئەو دەردو بەڵایە کامەیە؟
ئەبێت جگە لە مەبەستەکەی ئەسعەد کە کوردوو حکومەتەکەیەتی چ دەردێکی تر دەوری قەڵای داوە؟؟؟؟

کەرکووکەکەت وێران بووە
پڕە لە دەردو لە خەفەت
خەندە لە ڕوومان بڕاوە
رزگارمان کە دۆغرەمەچی
سەیر لەوەدایە بە ئیحسان دەڵێت کەرکوکەکەت !! نازانم کەرکوك بۆ هی ئەوە ئەی لەو وتارەی سەرەوەدا ئەسعەد باسی کوردستانییەتی کەرکووك بۆ دەکات ؟؟؟ کام هەڵوێستەیان تەواوە؟؟؟
ئاڵتون کۆپری دەناڵێنێ
دوز وکفری بەرگری دەکەن
تورکمان ئێلی بریندارە
رزگارمان کە دۆغرەمەچی
وادیارە ووشەی (تورکمان ئێلی) بەکارهێناوە لەجیاتی کوردستان کە ئەم ووشەیە بەرەی تورکمانی بـەکاری دینیت!!!!!
سەیرە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بە کوردستان دەڵێت تورکمان ئێلی ... سڵاو پەرلەمان و حکومەتەکەم نازانم هەڵوێستی ئێوە چییە؟

لەعێراق ئێمە ڕزاین
گۆری بەکۆمـەڵیان بۆ لێداین
قەڵاکانیان تێکداین
رزگارمان کە دۆغرەمەچی